# ژن بوونەوەرێکی داگیرکراوی عەقڵ دزراوە

## چەند سەرنجێک لەسەر چاوپێکەوتنەکەی کاک شێرزاد حەسەن



■ ڕێکپۆش عەزیز

من یەکێکم لەو ژنانەی کە باوەڕم وایە کە یەکسانی نێوان ژنانو پیاوان تەنها وشەو قسەی زل نیە بەڵکو مەسەلەکە پرۆسەیەکی سیاسی ستروکتورریرە کراوە، کاریگەری ئەم سیستەمە بە شێوەیەکە ئەو هەلومەرجەی کە ژن ژیانی تیادا دەکات بەهەموو سەختیو دژوارییەکەوە لای ژن ئاسایی کراوەو پێی وایە ئەمە سروشتی ئەوە، گوێڕایەڵی بەردەوامی ژن بۆ پیاو، خزمەتی بەردەوامی ژن بۆ پیاو، خۆشەویستی بەردەوامی ژن بۆ پیاو، منداڵ بەخێو کردن، چێشت لێنان، بێدەنگیو میهرەبانی، تێرکردنو دامرکاندنەوەی هەوەسو ئارەزووی پیاو، جل پۆشینو.. هتد، تۆ بڵێی ئەم هەموو بۆچونە بێ عەقڵیانە مەنتیقێکی تیابێ بۆ سروشتی بوونی ژن؟

پیاو لە کۆمەڵی ئێمەدا سەر بە هەر چینو توێژێک بێت هەمیشە ژنێک لە خزمەتی دایە لە هەموو روویەکەوە جا ئەو ژنە گەر هاوسەر بێت یا دایک یا خوشک، من لەو باوەڕەشدام کە پیاوی کورد هەرگیز ئامادە نیە ژن لەو هاوکێشەی دەسەڵاتەدا یەکسان بکات بە خۆی. کورد وتەنی (من ئاغاو تۆ ئاغا ئەی کێ جێمان بۆ راخا)وە ئەوەش کە وەزعی ژن لە هەندێ شوێنی جیهاندا گۆڕانی بەسەردا هاتوە دەبێ سوپاسی بزووتنەوەی فێمێنیزم بکەین ئەو ژنانەی کە خەباتیان کردوە تیاداو ژنیان گەیاندە ئاستێکی تر، سیمۆن دی بۆڤوار دەڵێ (بەدرێژایی مێژووی بەشەریەت پیاوان هیچ مافێکیان بە ژنان نەداوە مەگەر شتێ خۆیان ویستبێتیان بیدەن) بەڵام لە لایەکی تریشەوە پیاوانی کورد. هێندەی رێزو مافو ئازادی ژن لە دەقە نوسراو گوتراوەکانی پیاواندا هەیە گەر لە ئەرزی واقعی کوردستاندا هەبوایە ئەوا لەوانەیە وەزعی ژنانی کورد لە ئاستێکی تردا بوایە. بە دووریشی نازانم کە ئێوارە چەمی زۆرێک لە رۆشنبیرانو دانیشتنیان لە سەر مێزی نادیەکان بە قسەو قسەلۆک بۆ ژنە ئازادەکان تەواو بێت.

لە ژمارە ٢٣ ی رۆژنامەی ئاوێنەدا چاوپێکەوتنێکی کاک شێرزاد حەسەنم خوێندەوە بە پێویستم زانی کە چەند سەرنجێکو رەخنەیەکی بچوکو پێشنیارێک بۆ کاک شێرزاد بنوسم، سەرنجەکەشم لە پرسیاری یەکەمەوە دەست پێدەکات کە کاک شێرزاد زیاتر باس لە قۆناغی پاتریالکال دەکات مانای سەردەمی ئێستا، بۆیە من دەمەوێ کەمێک بگەڕێمەوە دواوەو ئەوە زیاد بکەمە سەری کە ئەو وەزعەی کە ژنی تێدایە ئەمرۆ لە کوردستانو زۆربەی شوێنەکانی تری دنیادا شتێک نیە لە سروشتەوە هاتبێ مانای بەستنەوەی ژن لەناو ماڵو چێشتخانەداو پیاویش بۆ دەرەوە شتێک نیە کە سروشت ئەم دابەش کردنەی کردبێ تەنانەت ئەوە پیاو بوو کە پاساوی سروشتی بۆ ئەم جۆری دابەشکردنە بە شێوەیەکی تیۆری دەهێنایەوە کە دواتر لە قۆناغی پاتریالکالدا باسی لێوە دەکەم، بەڵام چۆن ژن لەلایەن پیاوەوە داگیر کرا پێش دەورانی نوسینەوەی مێژوو پرسیارێکە کە فێمێنیزمەکان بەم شێوەیە وەڵامی دەدەنەوە، بە پێی بۆچونەکانی ئەلیزابێث فشیر دەڵێ لە سەدا ٨٠ی خواردن لە دەورانی سەرەتاییدا لەلایەن ژنانەوە بەدەست هاتوەو ژنان یەکەمین کەسانێک بوون کە یەکەی کۆمەڵایەتیان پێکهێناوە چونکە ژن هەم خواردنی بۆ خۆی پەیدا کردوەو هەم بۆ منداڵەکانیشی بەڵام پیاو هەر بۆ خۆی خەریکی راو کردن بووەو تەنها خواردنی بۆ خۆی پەیدا کردوە، منداڵ بوونو سوڕی مانگانەی ژنان زۆر جێگەی سەرسامی پیاو بووە، لەم سەردەمانەدا پیاو نەیزانیوە دەوری چیە لە منداڵ بووندا منداڵ بە ناوی دایکەوە بانگ کراوە بەم قۆناغە دەڵێن قۆناغی دایک سالاری و لە قۆناغی دایک سالاریدا پیاوو ژن لە رووی دەسەڵاتەوە یەکسان بوون مانای ژن لەم سەردەمەدا پیاوی نەچەوسانۆتەوە وەک هەندێک پێیان وایە دایکسالاری سیستەمێک بووە کە ژن پیاوی تیا چەوساندۆتەوە، هەر لەم سەردەمانەشدا بوو خواردنی ژن لە سروشتدا بریتی بوو لە کۆکردنەوەی دانەوێڵەو هەڵکەندنی رەگو ریشەی گژووگیاو ژن یەکەمین داهێنانی لە سروشتدا کشتوکال کردن بووە، چونکە ژن بەهۆی منداڵ بوونەوە بۆ ماوەیەکی زۆر لە شوێنێکدا ماوەتەوەو پاش ماوەیەک سەرنجی ئەوەی داوە کە دانەوێڵەکان سەرلەنوێ سەوز دەبنەوەو لێرەدا ئەو ئامێرە سەرەتاییانەی کشتوکاڵ کردن بۆ هەڵکاندنی زەوی لەلایەن ژنەوە داهێنراوە ئێستاش لە هەندێ شوێنی ئەفەریقا پاشماوەی ئەو دیاردە سەرەتاییە ماوەتەوە کە کشتوکاڵ کردن ئەرکی بنەڕەتی ژنانە بەڵام پەیوەندی پیاو بەسروشتەوە تەنها راوکردنی گیانلەبەرە گەورەکان بووە داهێنانی پیاو لە سروشتدا دروستکردنی تیرو کەوانو رم بووە. لێکۆڵەرەوانی فێمێنیست پێیان وایە پیاوان یەکەمین کەس بوون کە شەڕو کوشتنیان داهێناوە چونکە ئامێرەکانی پیاوان تەنها بۆ شەڕو کوشتن بەکار هاتوون، سەرنج بدەن ئێستاش مەسەلەی شەڕ لەدنیادا لە چوار دیواری ماڵدا بێت یا لەهەر شوێنێکی دنیادا هەمووی لە پیاوو عەقڵی پیاوەوە دەست پێدەکات مانای ئەو ئامێرانەی کە ژن وەک شتێکی سەرەتایی سودی لێوەرگرتوە ئەو سەردەمە ئێستاشی لەسەر بێ شتێک بووە لە خزمەت مرۆڤایەتیدا بەڵام پیاو جگە لە زەرەر بۆ مرۆڤایەتی هیچی تر نەبووە.

پیاو شتێکی تریشی زیادکردووە ئەویش کاتێ دەستی کردە ماڵیکردنی گیانلەبەران تێگەشت کە هێزی لەشو بازووی لە هی ژنان بەهێزترە چونکە شاهیدی بینینی ئەوە بوو کە چۆن گیانلەبەرە گەورە نێرەکان هێرش دەکەنە سەر گیانلەبەرە مێیەکان ( وەک گاو مانگا)و ناچاریان دەکات بۆ جووت بوون ئاواش پیاو بیری کردەوە لەوەی کە ئەوەی گا دەتوانێ بیکات ئەمیش دەتوانێ، گەر ژن مل نەدا ئەوا ئەم خاوەنی تیرو کەوانو رمە، لێرەوە دەست درێژی بۆ سەر ژنان دەستی پێکردو پیاو کەوتە راوی ژنو فڕاندنیان بۆ ناو ئەشکەوتەکانو ژن بەزۆرو لێدانو ناچارکردنیان بۆ جووت بوونو یارمەتیدانو خزمەت کردنو بەخێو کردنی گیانلەبەرەکانی، تەنانەت کۆیلایەتیش لەم سەردەمەدا سەری هەڵدا کە پیاو هەستی کرد یارمەتی زیاتری پێویستە بۆ راگرتنی گیانلەبەری زیاتر، پیاو کەوتە راوی کوڕی گەنجو ژن. زۆرێک لە لێکۆڵەرەوان لەسەر ئەو باوەڕەن کە کۆیلایەتی لە ئەفریقا لەمەوە سەری هەڵدا کۆیلەکان پێش ئەوەی بفرۆشرێن دەبوو دەستگیر بکرێن، تا وای لێ هات پیاوان لەناو خۆیاندا بازرگانیان بە ژنو پیاوی کۆیلەو گیانلەبەرەکانەوە دەکرد، مارەیی کە ئەمڕۆ فۆرمێکی مەزهەبی لە خۆ گرتوە لای ئێمە لەگەڵ شیرباییو ژن بە ژن پاشماوەی ئەو بازرگانیە سەرەتاییەی پیاو بوو بە ژن لەو دەورانەدا.

بەکورتی لەم پەیوەندییە زۆرە ملێیەی نێوان پیاوو ژنەوە پیاو بەوەش گەیشت کە دەوری چیە لە منداڵ بووندا، بەم قۆناغەی کە پیاو دەرکی کرد بەوەی کە دەوری چیە لە منداڵ بووندا دەڵێن فەلۆکراتیزم ئنجا پیاو زەکەری خۆی کردە وەسیلەیەکی تری چەوساندنەوەی ژن دەستی کردە بە شانازی کردن بەوەی کە ئەو خاوەنی زەکەرە، پاشماوەی قۆناغی فەلۆکراتیزم وەک دیاردەیەکی زەق لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا ماوەتەوە بۆ نموونە جنێودان لە کۆمەڵی ئێمەدا هەمووی بە زەکەری پیاو دەست پێدەکات بۆ لەشی ژن کە زۆر دیاردەیەکی قێزەونە. شانازی کردن بە زەکەرەوە لە تیۆریەکەی زیگمۆند فرۆیدا رەنگ دەداتەوە، ئەو پێیوایە لەبەر ئەوەی کە ژن زەکەری نیە (بەرزە من) لای ژن وەک هی پیاو گەشە ناکات، ژن لە رووی دەرونییەوە ناتەواوەو بەردەوام لە بیری ئەوەدایە کە ئەم گرفتەی بە زەکەری پیاو چارەسەر بکات. بەڵام ئێمە ئێستا لە سەر دەمێکدا دەژین کە سەردەمی کۆپی کردنەوەی مرۆڤە مانای دەوری پیاو هیچ نیە لە منداڵ بووندا، بەڵام پیاوی ئەو سەردەمە ئەم دەرککردنەی بە سەرکەوتنێکی گەورە زانی بۆ خۆیو دەستی کردە شاییو جەژن گێڕان.

ئێستاش پاشماوەی ئەم جەژنە لە هەندێ لادێ کۆنەکانی چیندا دەبینرێ هەیکەلێکی گەورە لە زەکەری پیاو دروست دەکەنو بەدەوریدا سەماو هەڵپەرین دەکەن. پاشان کۆتایی ئەم قۆناغە بە پاتریالکال دەست پێ دەکات و بە پێویستی دەزانم ئەوە بڵێم کاتێ ئەم قۆناغە دەستی پێکرد هەموو ژنەکانی دنیا داگیر نەکرابوون، لەکاتی نوسینەوەی زماندا پیاو بە ژنی وت من وەک پیاو تۆ وەک ژن ناکرێ بەردەوام تایبەتی بکرێین لە زمانی نوسیندا، لەبری ئەمە وشەیەکی تر هەیە کە هەموو خواستو ویستی هەردووکمان دەگرێتەوە ئەویش وشەی (مرۆڤە)، ئەمەیان گەورەترین فێڵی پیاو بوو لەژن چونکە دەورانی پێش نوسینەوەی مێژوو هەموو ژنەکان داگیر نەکران، بەڵام مرۆڤ بوون هەر بەداگیرکردنی ژنەوە نەوەستا بەڵکوو ژن شێوە ژیانی پێشووی خۆی لە بیر برایەوە.

زمانو زۆرێک لە چەمکەکانی بوونە ئامرازێکی تر بۆ دەسەڵاتی پیاوان، دیل سپیندەر لە کتێبی (پیاو زمانی دروست کرد) دەڵێ: زمان لە ژێر دەسەڵاتی پیاواندایەو هەر ئەو زمانە بوو پیاوان تایبەتیان کرد بەخۆیانو لەڕێی واژەکانیەوە ژنیان داگیرکرد. زمان تەنها ئامرازێکە کە هەم سەردەستی پێ دەسەلمێنێو هەم دەیشارێتەوە گەر لە روانگەی ئەم خاڵەوە لە کۆمەڵی خۆمان بڕوانین زوو ئەو راستییەمان بۆ دەردەکەوێ گەر باس لە تەوازونی دەسەڵات بکرێ لە نێوان ژنانو پیاوان ئەوا پیاوان خێرا پاساوی ئەوە دەێننەوە کە ژن پێویست نیە جیا لە پیاو لەهیچ رێکخراوو حزبێکدا خۆی رێک بخات چونکە بەپێی باوەڕی ئەوان ژنو پیاو مرۆڤن، ئینسانن، بەڵام لە پراکتیکدا ژن هەمان بوونەوەرە خزمەتکارەکەی پیاوە بەهەموو شێوەیەک سیمۆن دی بۆڤوار دەڵێ (لە جیاتی مرۆڤ سود لە وشەی پیاو گیراوە، بۆیە وشەی مرۆڤ ئەو چەمکەیە کە هەموو بەرژەوەندییەکانی پیاوی لەپشتەوەیە)، من خۆم یەکێکم لە ژنانەی کە گاڵتەم دێ بەوەی بپارێمەوەو پاکانە بکام بۆ پیاوانی کۆمەڵگاکەم کە ژنی بە توانا هەیەو پێویستە لە ناوەندی بڕیاردا بن، پێم وایە ژنانی کورد لە زۆربەی ئەندامە پیاوەکانی حزب بەتواناترن تەنها جیاوازییەک کە هەیە لەنێوان ئەم دوو گروپەدا ئەوەیە کە ژن خۆی لە رێکخراوێکی سەربەخۆدا رێک نەخستوە تا ببێتە هێزێک بەرامبەر پیاو بەڵام پیاو کردویەتی، هەر پیاویش وەک گروپ هەوڵی بە کەم گرتنی ژنان دەدات وەک گروپو پەڕەوازەیان دەکات . ئەو شۆڕشە بۆرجوازیەی کە کاک شێرزاد باسی دەکات گەر مەبەستی ئەوەی فەرەنسا بێت ئەوا من دڵنیاتان دەکام لەو شۆڕشە لیبراڵو فەردانیەتەدا ژنی ئازاد لە سێدارە درا کە ناوی ماری دی گۆزە بوو، پاشان پیاوان بە ژنانیان دەوت گەر دەتانەوێ بە دەردی ئەو ژنە بێشەرمە نەچن لەماڵەوە دانیشن، پیاوان هەموو رێکخراوە سەربەخۆکانی ژنانیان داخستو لە بری ئەوە خۆیان رێکخراویان بۆ ژنان دەکردەوە وەک ئەم رێکخراوە پیاوانیانەی کە ئێستا ئێمە هەمانە لە کوردستان. من دەمەوێ لێرەدا کۆتایی بەباسەکام بهێنمو باسکردنی تیۆرە فەلسەفییەکانو سروشتیەکانی پیاوان لە بارەی ژنانەوە هەڵدەگرم بۆ دەرفەتێکی تر نەکا پیاوەکانی رۆژنامەی ئاوێنە بابەتەکەم لەبەر دوورو درێژی دانەبەزێنن، بەڵام ماوە بڵێم کاک شێرزاد خۆی رەخنە دەگرێ کە بە منداڵی گوێی لێ بووە کچ بە دێڵە سەگ بانگ کراوە کەچی خۆشی لەهەمان کاتدا باسی مێگەل دەکات، وشەی مێگەل بەمانای مانگاکان دێت مێو نێر بە بۆچوونی من ئەمەش جۆرێ لە شووبهاندنی ژنو پیاوە بە مانگاو گا. هیوادارم تۆش واز لە بەکارهێنانی ئەم دوو وشەیە بهێنی.

دوا قسەم لە بۆ کاک شێرزاد لە ناونیشانی بابەتەکەیەوەیە کە نوسراوە (شەرەفی نێرەکانی ئەندامانی بنەماڵە بەقەرز لای کچەکان دانراوە) من وەک ژنێک ئینتیزاری جورئەتێکی زیاتر دەکەم لە تۆ بۆیە پێشنیار دەکەم تۆ ببیتە یەکێک لەو فێمێنیستە بەجەرگانەی کە خۆت باسی دەکەیتو ئەو پەردە مەتاتیەی سەر ئەم بۆچونەت لابەو کەمپینێک لە کوردستان دروست بکە بە دوای وەڵامی پرسیارەکەی شەهید عەبدولخالق مەعروف دا بگەڕێ لە نێوان پیاوانی کورددا کە دەڵێ (بۆ پیاو ژن دەکوژێو بۆ پیاو پێیوایە شەرەفی ئەوەتا لە نێوان دوو پێی ژندا)، گەر ئەم کەمپینە دروست بکەیت ئەوا من دڵنیام کە تۆ بۆچوونێک سەبارەت بە ژن گەر بەتەواوی نەشێگۆڕیت بەرێژەیەکی باش دەیگۆڕیت، کە تا ئێستا هیچ کام لە رێکخراوەکانی ژنان نەیانتوانیوە بچوکترین بۆچوون سەبارەت بە ژن بگۆڕن، هیوادارم کاک شێرزاد ببێتە بەدیلی رێکخراوەکانی ژنان.

rekposh_3@yahoo.com



# بۆچی پەروەردەکردنی منداڵان تەنها لەئەستۆی ڕەگەزی مێدایە ؟

■ نیگار کەمال

تا ئێستا لەناو کۆمەڵگاکەماندا بیروبۆچونەکانی سەردەمەکانی پێشوو پیادە دەکرێت بەتایبەت لەناو خێزانداو ئەو بۆچونانەی لەبەرژەوەندی کەمکردنەوەی ئەرکەکانی ڕەگەزی نێرە، بۆنمونە ئەو بۆچونەی کە دەڵێت بەخێو کردنو پەروەردەکردنی منداڵەکانو بەڕێوەبردنی ناوماڵ بەهەموو ئەرکەکانیەوە لەئەستۆی دایکدایەو پەیداکردنی قوتی رۆژانەی ماڵو منداڵەکان لەئەستۆی ڕەگەزی نێردایە، دابەشکردنی کار بەمشێوە تەقلیدیە هەتا ئێستا لەناو رێژەیەکی زۆری خێزانی کوردیدا بوونی هەیەو کاری کردوەتە سەر نەبوونی شێوازێکی یەکگرتوو لەنێوان دایکو باوکدا لەڕووی مامەڵەکردنو پەروەردەکردنی منداڵەکانی ناو یەک خێزانو بوونی بەدابو نەریت کەلەناو کۆمەڵگادا پەیڕەو دەکرێت، ئەم کێشەیە لەخێزانەوە درێژەی کێشاوە بۆ ناو دام ودەزگا پەروەردەییەکان. لەگەڵ ئەوەی کەرێژەیەکی زۆری مامۆستایانی قۆناغەکانی سەرەتاییو ناوەندیی لەڕەگەزی نێرن، تێڕوانینی کۆمەڵگاوە بۆ ڕەگەزی مێ پەسەندترە لەم بوارەدا وەک بۆ ڕەگەزی نێر لەهەمان کاتدا لەناو باخچەی ساوایاندا کارمەندێکی ڕەگەزی نێر نابینرێت کەرۆژانە ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ منداڵەکاندا بکات، هەر ئەمەشە وای کردووە کە لەبەشی باخچەی ساوایان لەپەیمانگەی مەڵبەندی مامۆستایان کوڕان ئارەزووی خوێندنیان نەبێت لەو بەشەدا. بەڵام لێرەدا پێویستە بپرسین ئایا هۆی خۆدەربازکردنی باوکانو پیاوانو کوڕان چیە لەبەخێوکردنو پەروەردەکردنو مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵاندا؟ بۆچی هەتا ئێستا بەئەرکی دایکانو ژنانو کچان دادەنرێت؟ ئایا ڕەگەزی مێ لەڕەگەزی نێر باشتر دەتوانێت پەروەردەی منداڵان بکات؟

ئەگەر باس لەهۆکارەکان بکەین دەبینین یەکێک لەو هۆکارانە، بەستنەوەو تایبەت کردنی سۆزو بەخشینی سۆزە بەڕەگەزی مێ لەسەر ئەو بنچینەیەی کەڕەگەزی مێ بەسۆزترە لەڕەگەزی نێر ئەمەش بەهۆی زاڵ کردنی جیاوازیە بایەلۆجیەکانە لەدابەشکردنی کاردا، هۆکارێکی تر کارکردنە بەو بۆچونەی کەدەڵێت ژنان میهرەبانو تەحەمولیان زیاترلەپیاوان لەشێوازی مامەڵەکردنیان لەگەڵ منداڵان. جگەلەمانە بەلاوەکی دانانی ئەرکی پەروەردەکردنی منداڵو بەهەند وەرنەگرتنی لەلایەن باوکانەوەو پێدانی گرنگیەکی زیاتر بەکارە بەرهەمهێنەرەکان. هەروەها تێڕوانینی نێگەتیڤانەی کۆمەڵگا بۆ ئەو پیاوانەی کەلەبواری پەروەردەدا کاردەکەن بەتایبەت ئەوانەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کار لەگەڵ منداڵدا دەکەن یەکێکە لەهۆکارەکان. ئەم بۆچونو هۆکارانە ڕۆڵی هەیە لەوەی کەخوێنکارێکی نێر بەلایەوە پەسەند نەبێت لەبەشی باخچەی ساوایان بخوێنێت تەنانەت ئەگەر خۆیشی ئارەزووی بکات بەڵام بۆئەوەی کۆمەڵگا ڕەخنەی لێنەگرنو پیادەی کەلتورە باوەکەی ناو کۆمەڵگا بکاتو لێی لانەداتو بۆئەوەی وێنەی خۆی لەدەست نەدات لەناو کۆمەڵگاکەیدا وەک نێر.

بوونی بەشی باخچەی ساوایان لەناو پەیمانگەی مەڵبەندی مامۆستایان رۆڵی هەیە لەپەروەردەکردنی نەوەکانی داهاتوو دوور لەگرێ دەرونیەکانو کێشە کۆمەڵایەتیەکانی کەنەوەکانی ئێستا پێوەی دەناڵێنن چونکە تەمەنی باخچەی ساوایان بنچینەی دروست بوونی کەسایەتی تاکەکانی هەر کۆمەڵگایەکە، لەهەمان کاتدا ئەگەری بوونی کێشەی منداڵان لەناو قوتابخانە سەرەتاییەکاندا کەمدەکاتەوە، لێرەوە بوونی شێوازو سیستمێکی زانستیو پەروەردەیی گونجاو گرنگە بۆ دروست بوونی ئەو کەسایەتیە لەبارەی کەبۆ کۆمەڵگای کوردی پێویستە، بەڵام ئەم ئەرکە بەتەنها بەڕەگەزی مێ یاخود بەتەنها بەڕەگەزی نێر جێ بەجێ ناکرێت کۆمەڵگە لەهەردوو ڕەگەز پێکهاتووە کەواتە بەشداری کردنی هەردوو ڕەگەز لەپەروەردەکردنی منداڵدا چ لەناو دامو دەزگا پەروەردەییە ڕەسمیەکاندا چ لەناو خێزاندا گرنگیو ڕۆڵی پۆزەتیڤی هەیە لەگەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا.

* گروپی جێندەر ـ سلێمانی

# بێ لانەیەک عاشق بەدەنگی زیرەک

■ ئا: شکۆ

ڕۆژانێک لەگەڵ باوکە کلۆڵەکەیدا لەگوزەری خانەقا لەبەردەم دووکانی حەمە عەلی دەلاک خەریکی پێلاو بۆیاخ کردن بووە هەر ئەوکاتەش ئاشنایەتی لەگەڵ هونەرمەند حەسەن زیرەک پەیدا کردوە کە ئەو کاتە لەو ناوەدا لەفەی کوبەی فرۆشتوە، چەندین جار لەفەی لێکڕیوە. هەر چەندە ئەوکاتە منداڵ بووە بەڵام ئەو ڕۆژانەی باش لە بیرە کە باوکیو حەسەن زیرەک پێکەوە گۆرانیان وتوە، ئەمێستاش ڕۆژانە چەندین جار بە بەردەم دووکانەکانی ئەوە گوزەرەدا بە خۆیو تەسجیلێکی کۆنەوە، کە هەموو کاتێک شریتێکی حەسەن زیرەکی لەسەرە گوزەر دەکات.

جەلال حەسەن لە دایک بوو ١٩٤١ی گەڕەکی سەرشەقامی شاری سلێمانییە. هەر وەک خۆی دەڵێ: "هەر لەوە کاتەی کە فامم کردۆتەوە لە دەردی سەری بەولاوە ڕۆژگاری خۆشم لە ژیانی خۆمدا نەدیوە، زۆر منداڵ بووم لەگەڵ باوکم خەریکی قۆنەرە بۆیاخ کردن و کولەکە فرۆشتن بووم لە پاش ئەوە لەگەڵ عەباسی برام (عەباسی قەرەجاوا) کە ١٩٨٤ شەهید بوو خەریکی کاری ڕێکخستن بووم زۆر جار عەباس ئەمنی کوشتوە من دەمانچەکەیم لەناو دەنکە کولەکەکەدا بۆ شاردۆتەوە".

جەلال لە ژیانیدا چەند جارێک بەندیخانەی دیوە کە دوو جاریان لەسەر عەباسی برای بووە هەر بۆیە ئێستا ناسنامەی زیندانە سیاسییەکانی هەیە، بەڵام سودێکی وای لێنەدیوە: "چەند جارێک پێیان وتوم لە بەر خاتری عەباسی برات شتێکت بۆ دەکەین بەڵام هەر وەعد بووە هیچیتر". بەتەنها بژێوی ئەم پیاوە ئێستا ئەو بڕە پارەیە کە لەبری شەهیدانەی عەباسی برای بەریدەکەوێ کە دەکاتە ٧٥ هەزار دینار باقی پارەکەی تر بۆ سێ خۆشکەکەی دەبێ.

لەگەڵ خۆرئاوابوونی هەموو ئێوارەیەک جەلال بەخۆیو تەسجیلە کۆنەکەیەوە کە بەردەوام وەکو هاوڕێیەکی خۆشەویست لەگەڵیدایەوە دەگەڕێتەوە بۆ شوێنی حەوانەوەی شەوانی کە لەشۆستەیەکی ڕەق بەولاوە هیچی تر نییە ئەوە شوێنەش بەردەم حەمامی سورەتە، لەوێ تا نیوە شەوێکی درەنگ لەگەڵ پاسەوانەکانی ئەو ناوەدا خەریکی قسە کردن دەبێ، لە دوای ئەوەش هەر بەدەم گوێ گرتن لە گۆرانییەکی حەسەن زیرەک خەو دەچێتە چاوەکانی.

خەرجییەکی زۆری ئەم پیاوە بۆ پیلی تەسجیلەکەیەتی کە هەر بە دوو ڕۆژ جارێک بای دوو هەزار دینار پیل بۆ ئەو تەسجیلەی دەکڕێ کە لە



جەلال بەدەم گوێگرتن لەگۆرانی زیرەکەوە خەوی لێکەوتووە فۆتۆ ئاوێنە

گۆرانی حەسەن زیرەک بەولاوە هیچی تری پێی لێنادرێ. کە لێشی دەپرسی بۆ هەر حەسەن زیرەک دەڵێ: "بە گوێ گرتن لەو گۆرانیانە بە خەیاڵ دەچمەوە بۆ بەردەم خانەقاکەی جاران بۆ ئەو زەمەنەی کە باوکم لەگەڵ حەسەن پێکەوە گۆرانییان دەوت منیش بەبێ دەنگ بە دیاریانەوە دادەنیشتم". لە کۆتایی قسەکانیدا جەلال هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاوەو وتی: "ئێستا من هیچ موچەیەکم نییە بێ کەسو بێلانەو شوێنم هیوادارم حکومەت شوێنێکی حەوانەوەم بۆ دابین کات".